**دەقی سێهەمی هەموارکراوی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکانی عێراقی فیدراڵ**

وەرگێڕانی: **سەکوان ئەرگۆشی**

**پێداچوونەوەی: نیازی حەمە عەزیز**

**بە ناوی گەل**

**سەرۆکایەتی کۆمار**

**بڕیاری ژمارە (٢)**

**لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەنجوومەنی نوێنەران پەسەندی کرد، بەپێی حوکمەکانی بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٦١) و بەندی (سێیەم) لە ماددەی (٧٣)ی دەستوور، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/٣٠، سەرۆککۆمار بڕیاری دا بە دەرچوواندنی ئەم یاسایەی خوارەوە:**

**ژمارە (٤) بۆ ساڵی ٢٠٢٣**

**یاسای هەمواری سێیەم**

**بۆ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان**

**ژمارە ١٢ بۆ ساڵی ٢٠١٨**

**ماددەی -١-** ماددەی (٢)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە تاکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

ئەم یاسایە بەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنەکانی پارێزگا و قەزاکان جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی -٢-** بەندی (یەکەم) لە ماددەی (٣)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە تاوەکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** بەشداریکردنی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان لە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنەکانی پارێزگا و قەزاکان.

**ماددەی -٣-** بەندی (یازدەهەم) لە ماددەی (١)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە تاوەکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

دەنگدەری ئاوارە: ئەو عێراقییەی کە لە دوای ٢٠١٣/١٢/٩ لەبەر هەر هۆکارێک بێت، لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی خۆی ئاوارە بووە بۆ شوێنێکی دیکە لە ناوخۆی عێراق، بە مەرجێک لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران تۆمار کرابێت.

**ماددەی -٤-** بەندی (چوارەم) لە ماددەی (٥)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە تاوەکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

**چوارەم**: بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە تۆماری دەنگدەران تۆمار کرابێت و خاوەنی کارتی هەڵبژاردنی نوێکراوەی بایۆمەتریی درێژخایەن بێت، کە بۆ دەنگدان بەکاردەهێنرێت.

**ماددەی -٥-** ماددەی (٦)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە تاوەکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

**یەکەم: أ.** پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆن، وادەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان لەم ساڵدا دیاری بکات، بەشێوەیەک کە لە بەرواری٢٠٢٣/١٢/٢٠ تێپەڕ نەکات.

**ب.** دوای تەواوبوونی خولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، هەڵبژاردن پێش (٤٥) چل و پێنج ڕۆژ بەڕێوە دەچێت و وادەی هەڵبژاردن بە بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەران بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆن پێش ماوەیەک کە لە (٩٠) نەوەد ڕۆژ کەمتر نەبێت دیاریدەکرێت.

**ج.** هەڵبژاردنی خولی نوێی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنەکانی پارێزگا و قەزاکان پێش (٤٥) چل و پێنج ڕۆژ لە بەرواری کۆتاییهاتنی خولەکانی پێشتر بەڕێوەدەچێت.

**دووەم:** هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران، لە سەرتاسەری عێراق، لە یەک ڕۆژدا بەڕێوەدەچێت.

**سێیەم:** هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لەهەرێمدا، لە سەرتاسەری عێراق، لە یەک ڕۆژدا بەڕێوەدەچێت.

**چوارەم:** لەسەر پێشنیازی کۆمسیۆن، ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە دەوامی فەرمی بکاتە پشوو لە ڕۆژەکانی هەڵبژاردندا.

**ماددەی -٦-** ماددەی (٧)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە تاوەکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

**مەرجە لەسەر پاڵێوراو:**

**یەکەم:** عێراقییەکی تەواو شیاو بێت و لە ڕۆژی دەنگداندا (٣٠) سیساڵی تەمەنی تەواو کردبێت.

**دووەم:** **أ.** بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان هاوتاکەی بەدەستهێنابێت، جگە لە کۆتای پێکهاتەکان کە بڕوانامەی ئامادەیی و سەروتر پێویستە.

**ب.** لیستەکانی هەڵبژاردن بۆیان هەیە ڕێژەیەک دیاری بکەن کە لە (٢٠٪) بیست لە سەدی ژمارەی پاڵێوراوەکان زیاتر نەبێت بۆ ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی دیبلۆم یان ئامادەیی یان هاوتاکانیانن.

**سێیەم:** بە تاوانکردن یان کەتنێکی ئابڕوبەرانە یاخود بابەتەکانی گەندەڵیی کارگێڕی و دارایی کە لە ماددەکانی (٣٣٠، ٣٣٣، ٣٣٤، ٣٣٥، ٣٣٦، ٣٣٨، ٣٣٩، ٣٤٠)ی یاسای سزادانی ژمارە ١١١ بۆ ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراودا هاتووە، حوکم نەدرابێت بە حوکمێکی دادگایی یەکلاکەرەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی بەر لێبوردن کەوتبێت یاخود نا.

**چوارەم:** بەپێی تۆماری باری شارستانی، پاڵێوراوی ئەنجوومەنی پارێزگا، خەڵکی ئەو پارێزگایە بێت کە خۆی تێدا کاندید دەکات، یاخود بە بەردەوامی نیشتەجێی پارێزگاکە بێت بۆ ماوەیەک کە لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت، بە مەرجێک مانەوەکەی بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی نەبێت.

**پێنجەم:** حوکمەکانی (ڕێکارەکانی لێپرسینەوە و دادپەروەری) یاخود هەر یاسایەکی جێگرەوەی نەیگرێتەوە.

**شەشەم:** کارمەندی هێزەکانی چەکدار یان دامەزراوە ئەمنییەکان نەبێت (جگە لە فەرمانبەرە شارستانییەکان)، یاخود یەکێک نەبێت لەو دادوەرانەی کە بەردەوامن لە ڕاژە لە کاتی خۆپاڵاوتنیان،

یان ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن بۆ خولی ئێستا و پیشتر، یاخود یەکێک نەبێت لەو فەرمانبەرانەی کۆمسیۆن کە بەردەوامن لە ڕاژە.

**حەوتەم:** پێشکەشکردنی لیستی ناوی ئەو دەنگدەرانەی پاڵپشتی خۆپالآتنی دەکەن، بەمەرجێک لە (٥٠٠) پێنجسەد دەنگدەری دووبارەنەبوو کەمتر نەبێت و تۆمارکراو بن لەو بازنەی هەڵبژاردن کە کاندیدبوونی خۆی بە لیستێکی تاک پێشکەش دەکات، بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی ئەنجوومەنی کۆمسیاران دەریدەخات.

**ماددەی -٧-** بەندی (یەکەم) لە ماددەی (١٢)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە تاوەکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** بەپێی ژمارەی کورسیی بازنەی هەڵبژاردنەکە، دەنگە درووستەکانی هەر لیستێک دابەشی سەر ژمارەی زنجیرەیی (١.٧، ٣، ٥.٣، ٩.٧....هتد) دەکرێت، بەرزترین ئەنجام هەڵدەبژێردرێت تاوەکو گشت کورسیی بازنەی هەڵبژاردنەکە تەواو دەبن.

**ماددەی -٨-** ماددەی (١٤)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە تاوەکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** ئەگەر ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران یان ئەنجوومەنی پارێزگا، لەبەر هەر هۆیەک، کورسییەکەی لەدەست دا، کاندیدی دواتر، بەپێی بەدەستهێنانی ژمارەی دەنگەکان لەناو لیستەکەیدا، شوێنی دەگرێتەوە.

**دووەم:** ئەگەر ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران یان ئەنجوومەنی پارێزگا، لەبەر هەر هۆیەک، کورسییەکەی لەدەست دا و لە چوارچێوەی لیستی تاکەکەسیدا بوو، کورسییەکە دەدرێت بە پاڵێوراوێکی دیکە کە بەرزترین ژمارەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە لەناو پارتێک یاخود ڕێکخستنێکی سیاسی کە بەرزترین ئاستی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، بەڵام هیچ کورسییەکی بەدەست نەهێناوە.

**سێیەم:** ئەگەر کورسییە بەتاڵەکە تایبەت بوو بە ئافرەت، مەرجە ئافرەتێکی دیکە لە هەمان لیستی هەڵبژاردن جێگەی بگرێتەوە.

**ماددەی -٩-** ماددەی (١٥)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە تاوەکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** ئەنجوومەنی نوێنەران لە (٣٢٩) سێسەد و بیست و نۆ کورسی پێکهاتووە کە بەمشێوەیە دابەشکراون:

**أ.** (٣٢٠) سێسەد و بیست کورسی بەسەر پارێزگاکاندا دابەش دەکرێن، هەروەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی یاساکەدا دیاریکراوە.

**ب.** ئەم پێکهاتانەی خوارەوە، پشکی (کۆتا) لە کۆی کورسییە گشتییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران پێدەبەخشرێت، بەشێوەک کار نەکاتە سەر پشکیان کاتێک لە لیستە گشتییەکاندا بەشداری دەکەن، ئەمەش بەمشێوەیە دەبێت:

**١.** پێکهاتەی مەسیحی، (٥) پێنج کورسی، دابەشدەکرێن بەسەر پارێزگاکانی (بەغداد، نەینەوا، کەرکووک، دهۆک و هەولێر)

**٢.** پێکهاتەی ئێزیدی، (١) یەک کورسی لە پارێزگای نەینەوا.

**٣.** پیکهاتەی سابیئەی مەندائی، (١) یەک کورسی لە پارێزگای بەغداد.

**٤.** پێکهاتەی شەبەک، (١) یەک کورسی لە پارێزگای نەینەوا.

**٥.** پێکهاتەی کوردی فەیلی، (١) یەک کورسی لە پارێزگای واست.

**ج.** خۆپاڵاوتن بۆ کورسییە تەرخانکراوەکانی پێکهاتەی مەسیحی بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەران، بەشێوەی تاکەکەسی دەبێت لە چوارچێوەی بازنەی هەڵبژاردندا. ئەو کەسە براوە دەبێت کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکان بەدەست بێنێت. بازنەکانیان بەمشێوەیە دابەشکراون:

**١.** بۆ کورسییەکانی دهۆک و هەولێر، سنووری ئیداریی هەرێمی کوردستان دەبێتە یەک بازنە.

**٢.** بۆ کورسییەکانی بەغداد، نەینەوا و کەرکووک، عێراق (جگە لە هەرێمی کوردستان) دەبێتە یەک بازنە.

**د.** بۆ کورسیی تەرخانکراوی پێکهاتەی سابیئەی مەندائی، عێراق دەبێتە یەک بازنە و خۆپاڵاوتن تاکەکەسی دەبێت لە چوارچێوەی بازنەی هەڵبژاردندا. ئەو کەسە براوە دەبێت کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکان بەدەست بێنێت.

**هـ.** بۆ کورسییە تەرخانکراوەکانی پێکهاتەکانی (ئێزیدی، شەبەک و کوردی فەیلی)، ئەو پارێزگایەی کورسی کۆتای بۆ تەرخانکراوە، دەبێتە یەک بازنەی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و خۆپاڵاوتن تاکەکەسی دەبێت لە چوارچێوەی بازنەی هەڵبژاردندا. ئەو کەسە براوە دەبێت کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکان بەدەست بێنێت.

**دووەم: أ.** ئەنجوومەنی پارێزگا لە (١٢) دوازدە کورسی پێکدێت. لە سەروی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن کەسەوە، بۆ هەر (٢٠٠،٠٠٠) دووسەد هەزار کەس، کورسییەک زیاد دەکرێت. ئەمەش بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠١٩ی وەزارەتی پلاندانان دەبێت، هەروەک لە خشتەی ژمارە (٢)ی هاوپێچی یاساکەدا دیاریکراوە.

**ب.** ئەم کورسییانەی خوارەوە تەرخاندەکرێن بۆ هەر پێکهاتەیەک کە لە بەرامبەر هەر پێکهاتەیەکدا ئاماژەی پێکراوە و دەخرێنە سەر ئەو کورسییانەی بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێمدا تەرخانکراون:

**١.** پێکهاتەکانی مەسیحی و سائیبەی مەندائی و کوردی فەیلی، (٣) سێ کورسی، بۆ هەریەکێکیان یەک کورسی لە پارێزگای بەغداد.

**٢.** پێکهاتەکانی مەسیحی و ئێزیدی و شەبەک، (٣) سێ کورسی، بۆ هەریەکێکیان یەک کورسی لە پارێزگای نەینەوا.

**٣.** پێکهاتەی مەسیحی، (١) یەک کورسی لە پارێزگای بەسرە.

**٤.** پێکهاتەی کوردی فەیلی، (١) یەک کورسی لە پارێزگای واست.

**٥.** سائیبەی مەندائی، (١) یەک کورسی لە پارێزگای میسان

**٦.** پێکهاتەی مەسیحی، (١) یەک کورسی لە پارێزگای کەرکووک.

**ج.** کورسییە تەرخانکراوەکان بۆ پێکهاتەکانی (مەسیحییەکان، سائیبەی مەندائی، ئێزیدی، شەبەک و کوردی فەیلی)، ئەو پارێزگایەی کە کورسی کۆتای بۆ تەرخانکراوە، دەبێتە یەک بازنەی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. خۆپاڵاوتن تاکەکەسی دەبێت لە چوارچێوەی بازنەی هەڵبژاردندا و ئەو کەسە براوە دەبێت کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکان بەدەست دێنێت.

**سێیەم: أ.** پێویستە ڕێژەی ئافرەتی بەربژێرکراو لە (٢٥٪) بیست و پێنج لەسەد کەمتر نەبێت لەنێو لیستی کراوەدا.

**ب.** لە کاتی پێشکەشکردنی لیستی کراوە، مەرجە ڕیزبەندی ئافرەتان لەبەرچاو بگیرێت، بەشێوەیەک کە لە پاش ناوی سێ پیاو ناوی ئافرەتێک دابنرێت.

**ج.** ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتان کەمتر نەبێت لە (٢٥٪) بیست و پێنج لەسەدی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران.

**د.** ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتان کەمتر نەبێت لە (٢٥٪) بیست و پێنج لەسەدی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا لە هەر پارێزگایەکدا.

**هـ** کۆتای ئافرەتان بۆ هەر پارێزگایەک دیاری دەکرێت وەک ئەوەی لە خشتەی هاوپێچدا دیاریکراوە.

**و.** ئەگەر بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردن، پشکی ژنان بۆ هەر بازنەیەک تەواو بوو (کۆتایی پێهات)، هیچ پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕکردن لە ئارادا نابێت.

**ماددەی -١٠-** ماددەی (١٦)ی یاساکە هەمواردەکرێتەوە تاوەکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

**یەکەم: أ.** کۆمسیۆن پشت بە ئامێری خێراکردنی ئەنجامە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستێت، پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی دەستی بۆ گشت وێستگەکانی دەنگدان لە هەمان وێستگەی دەنگدان ئەنجام دەدرێت، ئەمەش پاش ناردنی ئەنجامەکان بۆ ناوەندی پۆلێنکردنی ئەنجامەکان لە ڕێگەی ناوەندی گواستنەوە و دەرکردنی ڕاپۆرتی ئەنجامە ئەلیکترۆنییەکان لە ئامێری خێراکردنی ئەنجامەکان. کۆمسیۆن پابەند دەکرێت کە لە ماوەی (٢٤) بیست و چوار کاتژمێردا ئەنجامەکانی دەنگدانی گشتی و تایبەت ڕابگەیەنێت.

**ب.** لە ئەگەری هاوتانەبوونی ئەنجامەکانی ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنی لەگەڵ ژماردن و جیاکردنەوەی دەستی لە هەمان وێسگەی دەنگدان و بەڕێژەی کەمتر لە (٥٪) پێنج لەسەدی پسوڵە درووستەکانی ناو سندووق، ئەوا پشت بە ئەنجامەکانی ژماردن و جیاکرنەوەی دەستی دەبەسترێت.

**ج.** له ئەگەری هاوتانەبوونی ئەنجامەکانی ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنی لەگەڵ ژماردن و جیاکردنەوەی دەستیی بەرێژەی (٥٪) پێنج لەسەد و بەرەو سەرەوە له کۆی پسوڵە درووستەکانی ناو سندووق، وێستگەکە دەگوازرێتەوە بۆ بنکەی وردبینیی ناوەندی له پارێزگا، بەمەبەستی وردبینیکردن له وێستگەکە و دووبارە ژماردن و جیاکردنەوەی دەستی. کۆمسیۆن پشت بە ئەنجامی ژماردن و جیاکردنەوەی دەستیی پسوڵەکانی دەنگدان له بنکەی وردبینیی پارێزگا دەبەستێت.

**د.** له ئەگەری نەناردنی ئەنجامەکان لەلایەن ئامێری خێراکردنی ئەنجامەکان له رێگەی ناوەندی گواستنەوە بۆ ناوەندی پۆلێنکردنی ئەنجامەکان له ماوەی (٦) شەش کاتژمێردا، ئەو سندوقانە دەگوازرێنەوە بۆ بنکەی وردبینیی ناوەندیی له پارێزگاکەدا بۆ گرتنەبەری ئەو رێکارانەی کە کۆمسیۆن پشتیان پێدەبەستێت، ئەنجامی ژماردن و جیاکردنەوەی دەستی له بنکەی وردبینیی ناوەندی له پارێزگا پەسەند دەکرێت.

**هـ** وردبینی له ژمارەی زنجیرەیی ئەو پسوڵە پوچەڵانەی دەنگدان دەکرێت، کە له ئامێری خێراکردنی ئەنجامەکان (pcos) دەرچووە لەگەڵ پسوڵە پوچەڵەکانی ناو سندوق له کاتی پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوە کە له (یەکەم)ی ئەو ماددەیەدا هاتووە. له ئەگەری هەبوونی جیاوازی له ژمارەی پسوڵەی پوچەڵ لەنێوان راپۆرتی ئامێرەکە و ژماردن و جیاکرنەوەی دەستی بەرێژەی (٠,٣) و زیاتر، وێستگەکە دەگوازرێتەوە بۆ بنکەی وردبینیی ناوەندی و پسوڵە پوچەڵەکانی ناو سندوق بەراورد دەکرێن لەگەڵ پسوڵەکانی دەنگدان، کە وێنەیان گیراوە و له یادگە ئامێری ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنی (pcos) هەڵگیراون و وێنەی ئەلیکترۆنی پەسەند دەکرێت.

**و.** به ئامادەبوونی بریکاری حزبەکان، رێکخستنە سیاسییەکان و رێکخراوە خۆجێیی و نێودەوڵەتییەکان، وردبینی لەو وێستگانەی له (أ، ب، ج، د، هـ)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون دەکرێت.

**ز.** کۆمسیۆن پابەند دەبێت به راگەیاندنی راپۆرتی ئەو ئەنجامانەی له ئامێری (pcos) دەردەچن به بریکارانی پارتە سیاسییەکان و لیست و کاندیدەکان.

**ح.** لەکاتی کۆتاییهاتنی پرۆسەی بەراوردکردن لەنێوان ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنی و ژماردن و جیاکردنەوەی دەستی له وێستگەکانی دەنگدان و بنکەکانی وردبینیی ناوەندی له پارێزگاکان، کۆمسیۆن پابەند دەبێت به پێدانی کۆپییەک له فۆرمی هاوتاکردن و بەراوردکردن و

ئەنجامەکانی ژماردن و جیاکردنەوەی دەستی بە بریکاری پارتەکان و ڕێکخستنە سیاسییەکان و لیستەکان. یاخود کۆمسیۆن هەڵدەستێت بە خستنەڕووی فۆرمەکان لە شوێنێکی دیار تاوەکو بریکاری پارتەکان و ڕێکخستنە سیاسییەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن ببینن و دەستیان پێبگات.

**ط.** فەرمانبەرانی ئەو وێستگەیەی کە دەستکاریکردن تێیدا ڕوویداوە، بە تۆمەتی ساختەکردن ڕەوانەی دادگا دەکرێن، ئەمەش بە پشتبەستن بە حوکمە سزاییەکان لە بەشی (فصل) حەوتەمی ئەم یاسایە.

**دووەم:** کۆمسیۆن پابەندە بە ڕاگەیاندنی گشت داتاکانی هەڵبژاردن بە وردی لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا، وەک ژمارەی دانیشتووان، ژمارەی دەنگدەری تۆمارکراو، ژمارەی لیستەکانی هەڵبژاردن، پارتە سیاسییەکان و تاکەکەسە بەشداربووەکان و زانیاری دیکەی پەیوەندار بە پرۆسەی هەڵبژاردن کە دەنگدەر گرینگیان پێدەدات، هەروەها ئەنجامی وردی هەڵبژاردن وەک ژمارەی دەنگی تەواو و پوچەڵ، ڕێژەی بەشداریکردن، دەنگەکانی لیستە کراوەکان و تاکەکەسییەکان و کاندیدی دەرچوو و دەرنەچوو لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا.

**سێیەم:** لەسەر کۆمسیۆن پێویستە گرێبەست لەگەڵ یەکێک لە کۆمپانیا جیهانییە بەتواناکان و خاوەن ئەزموون لە بواری تەکنەلوجیادا بکات و کۆمپانیاکە کاری لەم جۆرەی کردبێت بۆ پشکنینی پرۆگرامەکانی ئامێری دەنگدان (ئامێرەکانی خێراکردنی ئەنجامەکان) و ئەو ئامێرانەی کە لەگەڵیدان. بەمەبەستی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی کۆمپانیای ناوبراو، ئەنجوومەنی کۆمیساران لیژنەیەک لە دامەزراوە حکومییە تایبەتمەندەکانی بواری تەکنیکی پێکدەهێنێت و ڕاپۆرتێک لەوبارەیەوە پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات.

**چوارەم:** دوای کۆتاییهێنان بە پرۆسەی نوێکردنەوە و پەسەندکردن (مصادقة) لەسەر بڵاوکردنەوەی کۆتایی کە لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی کۆمسیۆن و ڕۆژنامە فەرمییەکان بڵاودەکرێتەوە، پێویستە کۆمسیۆن هیچ بنکەیەک یان وێستگەیەکی دەنگدان نەکاتەوە.

**پێنجەم:** ئامێری پشتڕاسکردنەوە (جهاز التحقق) بۆ گشت وێستگەیەکی دەنگدان دابین دەکرێت کە تەنها داتای وێستگەکەی تێدایە.

**شەشەم:** کۆپییەک لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی وێستگە لەناو یەکەکانی داکردن (وحدات الخزن – عصا الذاکرة) هەڵدەگیرێت، تا ئەو کاتەی ئامێرەکانی خێراکردنی ڕاگەیاندنی

ئەنجامەکان پرۆگرام دەکرێن، بەشێوەیەک کە پێش ئەوەی ئامێرەکانی ناوەندی گواستنەوە لەگەڵ تۆڕی مانگی دەستکرد بخرێنە کار، دەستەبەری کۆپیکردنی ئەنجامەکانی وێستگە بکات. بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆسەی بەراوردکردن، گشت یەکەکانی داکردن ڕاستەوخۆ دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی دەنگدان دەنێردرێن بۆ نووسینگەی نیشتمانی لە بەغداد.

**حەفتەم:** پێویستە کۆمسیۆن کۆپییەکی ئەلیکترۆنی لە ئەنجامەکان و وێنەی پسوڵەی دەنگدان لە گشت وێستگەکان بدات بە بریکارانی پارتە سیاسییەکان یان ئەو کاندیدەی بە لیستی تاکەکەسی بەشداری هەڵبژاردنەکانی کردووە، هەروەها کۆپییەک لە ئەنجامەکانی ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنی و ئەنجامەکانی ژماردن و جیاکردنەوەی دەستییان پێبدات.

**هەشتەم: أ.** ڕێژەی پەنجەمۆری نەخوێندراوی ڕێگەپێدراو، بریتییە لە (٥٪) پێنج لە سەدی ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی لە تۆماری ئەلیکترۆنی دەنگدەراندا هەیە لەسەر ئاستی وێستگە، کاتێک دەگاتە ئەم ڕێژەیە، بەشێوەیەکی خودکار دەنگدان بەبێ پەنجەمۆر دەوەستێت (باری هەنگاونان - حالة التخطي) و تەنها ڕێگە بە دەنگدانی ئاسایی بۆ ئەودەنگدەرانەی پەنجەمۆریان دەخوێنرێتەوە دەدرێت.

**ب.** پێویستە کۆمسیۆن فۆرمێک ئامادە بکات، ناو و داتای دەنگدەری خاوەن پەنجەمۆری نەخوێندراوە کە لە برگەی (أ)ی ئەم بەندەدا هاتووە، تێدا تۆمار بکرێت و بەڵێننامەی کەسەکە لەبارەی درووستی داتاکان لەخۆ بگرێت.

**نۆیەم:** (١٠) دە ڕۆژ دوای پرۆسەی هەڵبژاردن، پرۆسەی بەراوردکردنی پەنجەمۆرەکان بۆ گشت دەنگدەران (گشتی و تایبەت) ئەنجامدەدرێت. سەرپێچیکاران ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێن، بە مەرجێک ئامێرەکانی پشتڕاسکردنەوە لە وێستگەکاندا، ئەو دەنگدەرانە لەخۆ بگرێت کە بە بایۆمەتری تۆمارکراون. هەروەها پێش پرۆسەی دەنگدان، ئامێرەکانی پشتڕاستکردنەوە پشکنینیان بۆ بکرێت.

**دەیەم:** پێویستە کۆمسیۆن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کار لەسەر سوودوەرگرتن لە کارتی نیشتمانی و داتاکانی بکات و لێکۆڵینەوە بکات لەسەر ئەگەری پشتپێبەستنی لەگەڵ کارتی ئەلیکترۆنیی بایۆمەتریی درێژخایەنی هەڵبژاردن، بەمەرجێک کار بکرێت لەسەر خێراکردنی تۆمارکردنی دەنگدەران بە هەردوو کارتەکە و کۆمسیۆن و حکوومەت دەست بکەن بەو ڕێکارانەی

که گەرەنتی بەئەنجامگەیاندنی دەستکەوتی باش بۆ هەردوو کارتەکە دەکەن، هەریەکەو بەپێی تایبەتمەندیی خۆی.

**یازدەهەم:** کۆمسیۆن پابەند دەکرێت بە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ بۆ چاودێریکردنی بنکەکانی هەڵبژاردن و وێستگەکانی دەنگدان وەک (کامێراکان)، لەگەڵ پاراستنی نهێنیی دەنگدان.

**ماددەی -١١-** بەندی (یەکەم) لە ماددەی (١٨)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە تاوەکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** بۆ دیاریکردنی ژمارەکانی تۆماری دەنگدەران، کۆمسیۆن پشت بە نوێترین داتابەیسی تۆماری دەنگدەران دەبەستێت، کە بەپێی داتابەیسی پسوڵەی خۆراک ئامادەکراوە و لە بنکەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران نوێ بکرێنەوە. کۆمسیۆن پابەند دەکرێت بە فەراهەمکردنی تیمی گەڕۆک، بەمەبەستی نوێکردنەوەی داتای دەنگدەران.

**ماددەی -١٢-** ماددەی (٢٣)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە تاوەکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

سنووری ئیداری ئێستای پارێزگا، دەبێتە یەک بازنەی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

**ماددەی -١٣-** ماددەی (٣٥)ی یاسەکە و هەموارەکانی لەناو یاسای ژمارە (١٤) بۆ ساڵی ٢٠١٩ هەڵدەوەشێتەوە، تاوەکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان (ناوخۆ، تەندرووستی، داد، بازرگانی، پلاندانان) و نوێنەری هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کەرکووک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران، هەڵدەستێت بە وردبینیکردن لە تۆمارەکانی دەنگدەران لە پارێزگاکەدا، لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

**أ.** ئەو هاونیشتمانییانەی لە چوارچێوەی سەرژمێری ١٩٥٧ تۆمارکراوون (بەدەر لە هاونیشتمانیانی ناحیەی زاب و ناحیەی سەرگەڕان) دەخرێنە ناو تۆماری هەڵبژاردنەکانی کەرکووک کە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکان پەسەند دەکرێت.

**ب.** ڕاگوێزراوە گەڕاوەکان؛ ئەوانەی بە لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکان بۆ ماددەی (١٤٠)ی دەستووردا تێپەڕیون یاخود ئەوانەی بەپێی مەرج و ڕێسای یاسایی کارپێکراو ڕێکارەکانی تێدەپەڕێنن.

**ج.** هاونیشتمانیانی دانیشتووی پارێزگای کەرکووک، ئەوانەی لە ڕێگەی پسوڵەی خۆراکی پێش ساڵی ٢٠٠٣وە نیشتەجێبوونیان دەسەلمێنن.

**دووەم:** ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ناکرێن بە بنەما بۆ هیچ دۆخێکی یاسایی یان ئیداری بۆ دیاریکردنی داهاتووی پارێزگای کەرکووک.

**سێیەم:** حوکمەکانی ئەو ماددەیە بۆ خولی داهاتووی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوینەران و خولی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کاری پێدەکرێت.

**چوارەم:** هاوبەشیکردنی دەسەڵات، بە نوێنەرایەتییەکی دادپەروەرانە دەکرێت، بەشێوەیەک دەستەبەری بەشداریکردنی پێکهاتەکانی پارێزگاکە بکات، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

**ماددەی -١٤-** دەقی بەندی دووەم لە ماددەی (٣٧)ی یاسەکە لادەبرێت و ئەمەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

**دووەم:** ئەو لایەن و کەسانەی کە ناهێڵن پارتە سیاسییەکان بارەگاکانیان بکەنەوە و چالاکییەکانی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن.

**ماددەی -١٥-** دەقی ماددەی (٤٤) لە یاسەکە لادەبرێت.

**ماددەی -١٦-** ماددەی (٤٧)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

**یەکەم: أ.** ئاوارەکان؛ بەپێی نوێترین سەرژمێریی فەرمی کە لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و وەزارەتی بازرگانی بە کۆمسیۆن دراوە، دەنگ دەدەن. بەگوێرەی ئەمە، ئەو ئاوارەیەی نیشتەجێی کەمپەکانە مافی ئەوەی هەیە بە بەکارهێنانی کارتی درێژخایەنی بایۆمەتریی هەڵبژاردن، دەنگ بە بازنەی بنەڕەتی خۆی بدات کە لێیەوە ئاوارە بووە. پێویستە کۆمسیۆن بنکەکانی دەنگدان لەناو کەمپەکاندا بکاتەوە.

**ب.** ئەو ئاوارانەی کە برگەی (أ)ی ئەم بەندە دەیانگرێتەوە، (٤٨) چل و هەشت کاتژمێر پێش دەنگدانی گشتی، لە ڕۆژی دەنگدانی تایبەت دەنگ دەدەن.

**ج.** ئاوارەکانی قەزای شنگال؛ لەو شوێنە دەنگ دەدەن کە لێی نیشتەجێ بوون، لە ناوەوە یان دەرەوەی کەمپەکان. تەنها بە بەکارهێنانی کارتی درێژخایەنی بایۆمەتریی هەڵبژاردن، لە بەرژەوەندی ئەو بازنەیە دەنگ دەەن کە لێیەوە ئاوارە بوون.

**د.** ئاوارە نیشتەجێیەکانی دەرەوەی کەمپەکان، تەنها بە بەکارهێنانی کارتی درێژخایەنی بایۆمەتریی هەڵبژاردن، لە بنکەی بنەڕەتی خۆیان و لە چوارچێوەی بازنەی هەڵبژارنیان پێش ئاوارەبوون، دەنگ دەدەن. حکوومەت پابەند دەبێت بە ئاسانکاریکردن بۆ ڕێکارەکانی گەیشتنیان بە بنکەی دەنگدان.

**دووەم:** عێراقییەکانی دەرەوە؛ بە بەکارهێنانی کارتی بایۆمەتریی ناوخۆی عێراق، لە بازنەکانی هەڵبژاردنیان دەنگ دەدەن.

**ماددەی -١٧-** ماددەی (٤٨)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە تاوەکو بەمشێوەیە بخوێندرێتەوە:

**یەکەم: أ.** لە ڕۆژی دەنگداندا، کۆمسیۆن بۆی هەیە پشت بە فەرمانبەرانی کەرتی گشتی ببەستێت، بەرامبەر پاداشتێک کە کۆمسیۆن دیاریدەکات.

**ب.** لەسەر وەزارەتی دارایی پێویستە مایەی تەرخانکراو بۆ کۆمسیۆن خەرج بکات بۆ مەبەستی ڕێکارەکانی هەڵبژاردن و کارە پەیوەندرارەکانی.

**ج.** بەمەبەستی ئاسانکردنی ڕێکارەکانی تایبەت بە گرێبەستەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بەدەر دەکرێت لە ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکوومییەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ و هەموارەکانی، ڕێکارەکان لەژێر وردبینیی دیوانی چاودێری داراییدا دەبن.

**دووەم:** لەسەر حکوومەت پێویستە ئاسانکاری و ئاسایش بۆ کردنەوەی بارەگاکانی ئەو پارتە سیاسییانە دابین بکات کە لە بەڕێوەبەرایەتی پارتەکاندا تۆمارکراون لە گشت پارێزگاکانی عێراقدا، بۆ ئەوەی کاری خۆیان ئەنجام بدەن و بەپێی یاسا بەرکارەکان هەڵمەتی هەڵبژاردن بەڕێوە ببەن.

**ماددەی -١٨-** دەقی ماددەی (٥٠)ی یاساکە لادەبرێت.

**ماددەی -١٩- یەکەم:** هیچ نوێنەرێک یان ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا یان پارتێک یان کوتلەیەکی تۆمارکراو لەچوارچێوەی لیستی کراوەی هەڵبژاردن کە لە هەڵبژاردن سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت، مافی گواستنەوەی نییە بۆ هاوپەیمانی یان پارت یان کوتلە یاخود لیستێکی دیکە. تەنها پاش پێکهێنانی حکوومەت یان هەڵبژاردنی پارێزگار و هەردوو جێگرەکەی ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردن، دەتوانێت ئەم کارە بکات، بەبێ ئەوەی کار بکاتە سەر مافی ئەو لیستە کراوە و تاکەکەسییانەی پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن تۆمار کراون لە هاوپەیمانیکردنیان لەگەڵ لیستەکانی دیکە پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

**دووەم:** کاندیدی سەرکەوتوو لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکان پابەند دەبێت بە سوێندخواردنی دەستووری لە ماوەیەک کە لە مانگێک تێپەڕ نەکات لە بەرواری یەکەم دانیشتنەوە. بەپێچەوانەی ئەمە، کاندیدی سەرنەکەوتووی هەمان لیست و هەمان بازنەی هەڵبژاردن، کە زۆرترین دەنگی هێناوە، جێگەی دەگرێتەوە. لەحالەتێکدا ئەگەر ئەو کاندیدەی سوێندی نەخوارد، کاندیدی تاکەکەسی بوو، ئەوا خاوەن بەرزترین دەنگی سەرنەکەوتوو لە بازنەی هەڵبژاردنەکەیدا، لەناو لیستە براوەکاندا یان تاکەکەسەکاندا، جێگەی دەگرێتەوە.

**ماددەی -٢٠- یەکەم:** لە بەرواری ٢٠٢٠/١/٢ ئەوانەی حوکمەکانی ماددەی (١) لە یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠١٩ دەیانگرێتەوە، خانەنشین دەکرێن.

**دووەم: أ.** ئەوانەی حوکمەکانی ماددەی (١) لە یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠١٩ دەیانگرێتەوە و تاوەکو ٢٠١٩/١١/٢٦ بەردەوامن لە ڕاژە و خزمەتی خانەنشینییان لە (١٥) پازدە ساڵ کەمتر نەبێت و (٤٥) چل و پێنج ساڵی تەمەنیان تەواو کردبێت، مافەکانی خانەنشینییان هەیە و بەدەر (استثناء) دەکرێن لە حوکمەکانی ماددەی (٥) لەیاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠١٩ و حوکمەکانی ماددەی (١٢) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو.

**ب.** پێویستە لەسەر ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمدا ڕێکنەخراون، پشتگیریی بەردەوامبوون لە ڕاژە و گەواهینامەی کۆتا مووچە تاوەکو ٢٠١٩/١١/٢٦، بۆ ئەو کەسانەی حوکمەکانی بڕگەی (أ)ی ئەم بەندە دەیانگرێتەوە، بدات بە دەستەی خانەنشینیی نیشتمانی.

**ماددەی -٢١- یەکەم:** لەسەر ئەنجوومەنی ڕاژەی فیدراڵی پێویستە ئەندامانی ئەنجوومەنەکانی قەزا و ناحیەکان، ئەوانەی تاکو ٢٠١٩/١١/٢٦ لە ڕاژە بەردەوام بوون و حوکمەکانی ماددەی (١) لە یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠١٩ دەیانگرێتەوە، دابمەزرێنێت. بەپێی تایبەتمەندی و شوێنی جوگرافی، بەسەر وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی پەیوەندیان بە وەزارەتەوە نییە دابەش بکرێن. ڕاژەی پێشویان بۆ ئەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی زیادکردنی مووچە و پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی.

**دووەم:** ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمدا ڕێکنەخراون، پێویستە پشتگیری بەردەوامبوون و گەواهینامەی کۆتا مووچە تاوەکو ٢٠١٩/١١/٢٦ بۆ ئەو کەسانەی حوکمەکانی بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە، بنێرن بۆ ئەنجوومەنی ڕاژەی فیدراڵی.

**ماددەی -٢٢- یەکەم:** دەنگدانی تایبەت بۆ کارمەندانی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ و دەزگا ئەمنییەکانی دیکە و پێشمەرگە، (٤٨) چل و هەشت کاتژمێر پێش دەنگدانی گشتی دەبێت، بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە کۆمسیۆن دایدەنێت و تەنها بە بەکارهێنانی کارتی بایۆمەتری درێژخایەن. کۆمسیۆن پشت بەو لیستە فەرمییانە دەبەستێت کە لەلایەن ئەو لایەنە تایبەتمەندانەوە پێشکەش دەکرێت کە دەنگدانی تایبەت دەیانگرێتەوە، بەلانی کەم پێش (٦٠) شەست ڕۆژ بەر لە وادەی دەنگدان، بەمەرجێک پیش ئەنجامدانی دەنگدانی گشی، ناوەکانیان لە تۆماری دەنگدەرانی گشتی بسڕێنەوە و لە یەکە سەربازییەکان دەنگ نەدەن.

**دووەم:** کۆمسیۆن ڕێکارەکانی ئاسانکردنی دەنگدانی تایبەت دادەنێت و پێویستە ئەمانە لەخۆ بگرێت:

**أ.** جیاکردنەوەی کارتی دەنگدەری هێزە ئەمنییەکان بە ئاماژە یان هێمایەک.

**ب.** دابەشکردنی ناوی هێزە ئەمنییەکان لەسەر ئاستی وێستگە و دڵنیابوون لە دووبارەنەبوونەوەیان لە وێستگەکانی دیکەی دەنگدان.

**ج.** پرۆسەی دووبارەبوونەوەی پەنجەمۆرەکان بۆ دەنگدانی تایبەت و گشتی لە ماوەیەکدا بەڕێوە بچێت کە لە (١٠) دە ڕۆژ زیاتر نەبێت لە بەرواری دەنگدانی گشتیەوە و پێش پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی. سەرپێچیکار، ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت. داتای ئەو کەسانەی بە

بایۆمەتری تۆمارکراون دەخرێتە ناو ئامێری پشتڕاسکردنەوە (جهاز التحقق) لە وێستگەی دەنگدەراندا، پێش پرۆسەی دەنگدان پشکنین بۆ ئامێرەکانی پشتڕاستکردنەوە دەکرێت.

**سێیەم : أ.** دوای دەنگدان لە ڕۆژی دەنگدانی تایبەت، پێویستە کۆمسیۆن ڕێکارەکانی لێسەندنەوەی کارتەکان بگرێتەبەر، بەمەرجێک پسوڵەی وەرگرتنەوە بدات بە دەنگدەر. گەڕاندنەوەی کارتی لێسەندراوی دەنگدەران لە ڕێگەی یەکەکانیانەوە دەبێت.

**ب.** دوای دەنگدان لە ڕۆژی دەنگداندا، پێویستە کۆمسیۆن کارتی دەنگدان لە دەنگدەری ئاوارە بسەنێتەوە، بەمەرجێک پسوڵەی وەرگرتنەوەی پێبدات و لە کاتێکیتردا کارتەکانی دەنگدان دەگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان. کۆمسیۆن پابەند دەبێت بە نیشانەکردنی ناوی ئەو ئاوارانەی لە ڕۆژی دەنگدانی تایبەت دەنگیان داوە و ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە دەنگدانیان لە ڕۆژی دەنگدانی گشتیدا.

**ماددەی -٢٣-** کۆمسیۆن پاپەند دەبێت بە دەرکردنی ئەو ڕێنماییيانەی کە بەرزترین ئاستی خەرجییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن دیاری دەکەن.

**ماددەی -٢٤- أ.** لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی ئەنجومەنی قەزاکان بە هەر هۆکارێک، دەسەڵاتەکانیان دەدرێت بە ئەنجوومەنی پارێزگاکانیان.

**ب.** لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە هەر هۆکارێک، پارێزگار؛ قائیمقام ڕادەسپێرێ.

**ماددەی -٢٥-** ماددەی (٥١)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

**یەکەم:** یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارە (٩)ی ساڵی٢٠٢٠ هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم:** ماددەی (٢٣) لە یاسای (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەڵوەشاوە، هەڵدەوەشێتەوە.

**سێیەم:** بڕگەی (١) لە بەندی (یەکەم) لەماددەی (٣)ی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی٢٠٠٨ی هەموارکراو، هەڵدەوەشێتەوە.

**چوارەم:** کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕێنمایی دەردەکات بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**پێنجەم:** کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی -٢٦-** ئەم یاسایە لە مێژووی پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە لە ٢٠٢٣/٣/٢٦ وە، جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەیەکی فەرمی بڵاودەکرێتەوە.

**عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید**

**سەرۆککۆمار**

**هۆیە پێویستەکان**

**بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی ژمارە (١٥٥/ فیدراڵی/ ٢٠١٩) و بەشە لاوەکییەکانی (١٥٧ و ١٦٠ و ١٦١ و ١٦٢ و ١٦٤ و ١٦٥ و ١٦٦ و ١٦٧ و ١٦٨ و ١٧١ / ٢٠١٩ و ٥ / فیدراڵی/ ٢٠٢١ و ١٥٩ / فیدراڵی / ٢٠٢١ و ٤٣/ فیدراڵی / ٢٠٢١ و ١١٧ / فیدراڵی / ٢٠١٩ و ٨٧ و بەشە لاوەکییەکانی ١١١ و ١١٢ / فیدراڵی / ٢٠١٩ و ١٠٣ / فیدراڵی / ٢٠٢١ و ١٤٤ / فیدراڵی / ٢٠٢١) و بەمەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەرد و دادپەروەرانە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێمدا و پێشخستنی و بەشداریکردنی گشت توێژەکانی کۆمەڵگا، هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی دابەشکارییەکی دادپەروەرانەی کورسییەکان لەنێوان لیستە ڕکابەرەکاندا. ئەم یاسایە دەرکرا.**

| خشتەی ژمارە (١) بۆ ژمارەی کورسیی ئەنجوومەنی نوێنەران | | | |
|---|---|---|---|
| ز | پارێزگا | ژمارەی کورسی | کورسیی کۆتای ئافرەتان |
| ١ | بەغداد | ٦٩ | ١٧ |
| ٢ | نەینەوا | ٣١ | ٨ |
| ٣ | بەسرە | ٢٥ | ٦ |
| ٤ | زیقار | ١٩ | ٥ |
| ٥ | بابل | ١٧ | ٤ |
| ٦ | سلێمانی | ١٨ | ٥ |
| ٧ | ئەنبار | ١٥ | ٤ |
| ٨ | هەولێر | ١٥ | ٤ |
| ٩ | دیالا | ١٤ | ٤ |
| ١٠ | کەرکووک | ١٢ | ٣ |
| ١١ | سەڵاحەددین | ١٢ | ٣ |
| ١٢ | نەجەف | ١٢ | ٣ |
| ١٣ | واست | ١١ | ٣ |
| ١٤ | دیوانییە | ١١ | ٣ |
| ١٥ | میسان | ١٠ | ٣ |
| ١٦ | دهۆک | ١١ | ٣ |
| ١٧ | کەربەلا | ١١ | ٣ |
| ١٨ | موسەننا | ٧ | ٢ |
| **کۆی گشتی** | | **٣٢٠** | **٨٣** |

| خشتەی ژمارە (٢) بۆ ژمارەی کورسیی ئەنجوومەنی پارێزگاکان | | | |
|---|---|---|---|
| ز | پارێزگا | ژمارەی کورسی | کورسیی کۆتای ئافرەتان |
| ١ | ئەنبار | ١٦ | ٤ |
| ٢ | بەسرە | ٢٢ | ٦ |
| ٣ | دیوانییە | ١٤ | ٤ |
| ٤ | موسەننا | ١٢ | ٣ |
| ٥ | نەجەف | ١٥ | ٤ |
| ٦ | بابل | ١٨ | ٥ |
| ٧ | بەغداد | ٤٩ | ١٣ |
| ٨ | دیالا | ١٥ | ٤ |
| ٩ | زیقار | ١٨ | ٥ |
| ١٠ | سەڵاحەددین | ١٥ | ٤ |
| ١١ | کەربەلا | ١٣ | ٤ |
| ١٢ | کەرکووک | ١٥ | ٤ |
| ١٣ | میسان | ١٣ | ٤ |
| ١٤ | نەینەوا | ٢٦ | ٧ |
| ١٥ | واست | ١٤ | ٤ |
| **کۆی گشتی** | | **٢٧٥** | **٧٥** |